# هاوسەرگیری لەنێوان کلتورو مۆدێرنەدا

پرۆسەی هاوسەرگیری گەورەترین گۆڕانکارییە لەژیانی هەمو تاکێکدا

کەلار- **سامان سوبحەدەم**

هاوسەرگیری گرنگترینو پربایەخترین روداوو پێشهاتی ژیانی هەموو گەنجێکەو جا بۆئەوەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەیت پێویستە شێوازێك هەڵبژێریت، کلتورو شێوازی کۆنو خزمایەتی یان مۆدێرنەو خۆشەویستی، بۆئەم مەبەستەش گوێمان لەگەنجان گرتووە بۆئەوەی بزانین ئایا زۆربەی گەنجان کام لەم شێوازانە هەڵدەبژێرن.

هەندێك لەگەنجان پرۆسەی هاوسەرگیری بەئاسان دانانێن لەولاتو کۆمەڵگەی ئێمەدا وەکو کازم محمد (نەنوو)ی 21 ساڵ دەڵێت: پرۆسەی هاوسەرگیری هەروا ئاسان نییە لەم کۆمەڵگەیەدا، چونکە ئێمە لەولاتێکدا دەژین کەرێگە خۆشکەرێك بۆگەنج نەکراوە بۆئەوەی هاوسەر بۆخۆیان دیاری بکەن، هاوسەرگیری وەرچەرخانو گۆڕانکارییەکی گەورەشە لەژیانو بیرو هەوڵ دانی ئەو کەسەی کە ئەم پرۆسەیە بەئەنجام دەگەیەنێت.

بەلای منەوە دروستکردنی بینای هاوسەری کەبینایەکی تۆکمەو بەهێزە لەسەر بناغەی مۆدێرن بێت باشترە وەك لەوەی کلتوری بێت، هەروەها بۆئەوەی کچو کوڕ ژیانێکی بەختەوەرو ئارام پێکەوە بنێن دەبێت لەسەر داواکاریو رەزامەندی خۆیان بێت نەك بەزۆر کچ بدرێت بەکوڕێك یان کوڕێك بەزۆرو بەشەڕ کچێك بێنێت چونکە ماوەی خۆشی ژیانیان زۆر نابات، بۆچارەسەر کردنی ئەم کێشە گەورەیە کەئێستا کۆمەڵگەی کوردی پێوەی دەناڵێنێت، ئەوەیە کەپێویستە پێشوەخت خۆشەویستییەکی پاكو شەرعی لەنێوانیاندا بێت، ئەگەر خزمیش بوو وەك (ئامۆزا, پورزا..) قەیناکات ئەگەر خۆشەویستی لەنێوانیاندا بێت، هەروەها هەلالە مەحمودی 17ساڵیش دەڵێت: پرۆسەی هاوسەرگیری گەورەترین گۆڕانکارییە لەژیانی هەمو تاکێکدا، ئەوشێوەیەی کەکۆمەڵگەی کوردیو هەندێك کۆمەڵگەی جیهانیتر پەیوەستی بوون سەبارەت بەهاوسەرگیری ئەوا بەڕای من شێوەیەکی هەڵەو نادروست بووە، تاوەکو ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی باوکسالاری تێدا پێڕەو دەکرێت کەکچو کوڕ ناچاری کارێك دەکەن خۆیان حەزیان لێی نیە بەبێگوێدانە لاپەنی رۆشنبیریو ئەخلاقیو ئینسانی ئەو کەسانە، لەئێستادا تروسکەیەکی روناکی بەدی دەکرێت بۆلەناوبردنی ئەو بیرۆکە هەڵەیەو نەهێشتنی، لەگەڵ ئەمەشدا بەڕای من مەرج نیە ئەم پرۆسیسە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی پێش پرۆسەکە بێت بەڵکو خۆشەویستی پاش هاوسەرگیری گرنگترە، لەوانەیە هەندێکجار بەرێکەوت بێت بەلام بەهۆی لێك تێگەشتنو تەوافق توانیویانە ژیانێکی خۆشگوزەرانی بەسەربەرن بەلام ئەمەش نامانگەیەنێتە ئەو رایەی کە هەمو هاوسەرگیریەکی سوتفەو رێکەوت پێکهاتنو تێگەشتنی لەدوابێت...پێویستە کچو کوڕ سەربەست بن لەهەڵبژاردنی هاوسەر، چونکە ژیانیان بەیەکەوەیە، ئەمە قسەی عەبدولرەحمانی 18ساڵە ئەو زیاتر قسەی کردو ووتی: پێویستە خانەوادەی هەردولا رەزامەندیان لەسەر بێت، چونکە بەبێ رازی بوونی خانەوادە دەبێتە هۆی تێکدانی خێزانێك، و دەبێت پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر بنەمایەکی راست بێت، وە دەبێت هەڵبژاردنی هاوسەر بەخۆشەویستی راستەقینە بێت چونکە خێزان بێ خۆشەویستی دروست نابێت.

بۆنمونە لەکۆمەڵگای کوردیدا کچ دەسەڵاتی کەمە گەر بەزۆر بدرێتە شو خۆی پێی رازی نەبێت ئەوا پەنا دەباتە بەر جیابونەوە ئەگەریش نەیانهێشت ئەوا پەنا دەباتە بەر خۆکوشتنو خۆسوتاندن.. فرمێسك کەکچێکی بیستو دوو

**سالآنەو فەرمانبەرە بەمشێوەیە دوا: ژیانی هاوسەرگیری گرنگترین رووداوە لەژیانی هەموو گەنجێکدا بەڵام وەکو کچ هێشتا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو ئازادییەی پێنەدراوە بەئارەزووی خۆی هاوسەر هەڵبژێرێت، بەڵام ئەگەر بکرێت بەشێوەی خۆشەویستییەکی پاکبێت ئەوا بەڕای من باشترین جۆری هاوسەرگیرییە ئەگەر تێگەشتنی تێدابێت.**

**گرنگ نیە هەرکامەیان بێت بەڵکو مەرج ئەوەیە کەسەکان بەیەك رازی بنو تێگەشتن هەبێت لەنێوانیاندا ئەمەش رای سەروەت گۆبانی 20سالآنە، هەروەها سەروەت بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی: ئەوەی لەژیانی هاوسەرێتیدا گرنگە تەوافوقو لێکگەشتنە ئەمەش پەیوەستە بەڕادەی هۆشیاریو رۆشنبیری کەسەکانەوە، دیانەی 17 ساڵ: من پێموایە هاوسەرگیری پەیوەندی بەخزمایەتیو کلتور یان غەریبی نییە تەنها پەیوەندی بەدڵو پەروەردەکردنی عەشقێکی پاکەوە هەیە جا چ خزمێ بێت یان غەریبەو بێگانەو پێویستە لێکگەشتن هەبێت لەنێوان کەسەکاندا،،**